

# پەرژین

ئەمەی لە خوارەوە بۆتان دەگێرمەوە کارەساتی چیرۆکێکی ڕاستەقینەیەو لە خۆم ڕوویداوە، دوازدە ساڵ پێش ئێستا لە پەیمانگای مامۆستایان لە هەولێر بەسەرم هاتوە. ئەوکات لە هەرەتی لاویدابووم, خۆم بەچاکترین و ئازاترین و ئاقڵترین و زیرەکترین کەس دەهاتە بەرچاو. ئاگرم لە سەرئاو دەکردەوە, کاغەزی کەسم نەدەخوێندەوە. هەر جارێ (ماملێ) یادی بەخێر دەڵێ ئاغام بە نۆکەریش ڕانەدەگرت. ئێستا کەبیرلەبێئاقڵی ئەوسایی خۆم دەکەمەوە کورتە شەرمێ دامدەگرێ, بەڵام لەگەڵ ئەوەشا بۆ خۆی قۆناغێکە لە قۆناغەکانی کاروانی ژیان کە دڵگەرم و بێ ئۆقرە و هەڵەپاچی, وادەزانی هەمووشتێ دەزانی بەڵام بەداخەوە هیچ نازانی. بە کوردێکەی کوڕی چەلەنگی سەردەمی خۆم بووم, خۆم بووم تاقە شۆڕەسواری مەیدانی پەیمانگابووم و کەسیترنا. لام وابوو کچانی پەیمانگا ئارەزوویانە شەوان لەسەر سینگی من خەو بیانباتەوە, هەموو بەتاسەوەن بۆم, هەموو شەڕیانە لەسەرم. پەشێو گۆتەنی بۆ بچوکترین نیگا خوێنم دەهاتە کوڵ.

هەر ئەو دەمە بوو تیری نیگا تیژەکانی پەرژین دڵی لەت وپەت کردم, هەر ئەو کاتە بوو عەشقێکی پاکی هەرزەکارانەی شێلگیرانە چووە خوێنمەوە.پەرژین کچێکی نازداری سلێمانی بوو.ڕۆژێ لە ڕۆژانی پڕ خوێن گەرمی دوای ڕاپەڕین و لە خۆپێشاندانێکی بە هاتەهات ولەژێر ئاسمانی شین وسافی هاوینی هەولێردا بە چاوەبەنازەکانی کە تۆزێ دەرپۆقیبوونەدەرەوە, نیگایەکی گەرمی ئافرەتانەی بۆ کردم وخستمیە دەریایی پانو بێبنی خۆشەویستیەکی فێنک و کورتی تەمەن پەپولە ئاساوە کە ئێستاش وەختێ یادگاری قەتماغەی برینە کۆنەکان هەڵدەداتەوە ئەم خوێی پێدا دەکات. ئێشەکەی لە مردنی دایک بەژانترە ( هەندێ جار بەدەستی خۆم نیە وەک دەڵێن قسە قسە ڕادەکێشێ ,ئەو هەموو خۆپێشاندان و

هات وهاوارەمان بۆ ئەوە بوو کە سەدرەدین ئاغاخان دێ بۆ کوردستان, بەلکو چارەیەک ژبۆ حالێ مەیێ کوردان ببینیت,کەچی لەباتی سەدرەدین ئاغاخان مام جەلال ئاغاخان هات و وەکو هەموو جارێ بەڵێنی داینێ کە ئاگری نەورۆزی داهاتوو لە کەرکووکی جەرگ و هەناوی کوردستان دەکەینەوە) .

خۆشەویستی پەرژین وایلێکردم لەلایەک کوێربم و ئاگام لە دەوروبەری خۆم نەمێنێ و لەلایەکی ترەوە لە خەوێکی قوولْ بەئاگا بێمەوە. وەکو منالێکی گرینۆک لە جۆلانەی بێهۆشیدا ڕایژەندم و وەکو بەردێ بە ناو دۆڵی بە خۆهاتنەوەدا خلی کردمەوە.پەرژین وەکو قوڕی دەستکرد شێلامی و کەسێکی تری لێدروستکردمەوە کە ئێسایشی لەگەڵدابێ بە ترسەوە لە خۆشەویستی بڕوانم.

هەر ئەو کاتە بوو بێداریشم ناسی, قەد خۆزگە بەو ڕۆژە ناخوازم کە بێدارم تیا ناسی.بێداریش وانەیەکی تاڵی پڕ ئەزموون بوو, جێ پەنجەی دیارە لەو ژیانەی ئێستا بۆخۆمم دروستکردوە. بێدار کەرکووکی بوو لەگەڵ خێزانەکەیانا لە مێژبوو ئاوارەی هەولێر ببوون. بەتەمەن لە من گەورەتر بوو, دایکو براکانی خەڵکی زۆر باش و بەسۆز بوون. بۆ کەسێکی نامۆی وەکو من بێدار و ماڵی بێدار پەناگای لێقەومان بوو, تاکە شتێک کەلە ڕۆژی ڕەشدا دڵم پێی کرابێتەوە ماڵی بێدار بوو.ئێستا دەڵێم زمانێکی هەنگوین ئاساو دڵێکی بەردینی هەبوو. لە ڕەوشتدا وەکو دووپشک دەهاتە بەر چاو, گەر کەسی دەست نەکەوتایە بۆ پێوەدان ئامادەبوو بەخۆیەوە بدات.

لە ماوەی دوو هەفتەدا وامان لێهات زۆربەی شەوەکان بەیەکەوە ڕۆژمان دەکردەوە,تابەیانی شیعری(نزار قبانی) مان بۆ یەکدی دەخوێندەوە,گوێمان لە گۆرانییەکان عەباسیی کەمەندی ڕادەگرت وباسی بەسەرهاتی خۆمان بۆ یەک دەگێرایەوە. بۆ یەک چرکەیەکیش بێت بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو بێدار ببێتە لەمپەر لەنێوان من وئەو نازەنینەی ببووە پاڵەوانی خەونە بەدی نەهاتووەکانم.

سووتان بە ئاگری ئەوینی پەرژین وناسینی بێدار لەیەک کاتدا بوو, لێرەوە کۆمەڵێ پرسیار خۆیان قووت دەکەنەوە (لەوانەیە ئێوەش لای خۆتانەوە بپرسن) هەتا کاتی نووسینی ئەم بەسەرهاتە وەکو گرێ کوێرە بۆم ناکرێنەوە, پەرژینێک خەڵکی سلێمانی وبێدارێک کەرکووکی چۆن خزمی یەک دەرچوون ؟ بۆچی لە بێبەختی من دوای ساڵێک خوێندن لە پەیمانگا ئێستا یەکترتان ناسیوەتەوە ؟ وای لێهات زۆربەی پشووی نێوان وانەکانیان بەیەکەوە بەسەردەبرد, منیش لە ساویلکەیی دڵی خۆم و لە دڵنیا بوون لە هاوڕێکەم نزیکبوونەوەی پەرژین کە زووبێ یان درەنگ دەبێتە دایکی منالْم و بێدار کەوەک خرۆکەی خوێنی دەمار و ژەمەخواردنی لێهاتووە لە بەرژەوەندی خۆم تەماشا دەکرد.

وامدزانی بێدار شۆفلْ ئاسا ڕێگایی سەختی پڕ هەرازو نشێوی نێوانمان(من و پەرژین)تەخت دەکا. پێم وابوو بێدار وەکو هەنگ گوڵاوی خۆشەویستی ئەو هەڵئەمژێ و لە خانەکانی لەشی منا شانە دروستدەکا. وادەهاتە بەر چاو کە بێدار گەواڵە هەورێکی بەهاران بێ ولە دەریایی میهرەبانی پەرژینەوە سەرچاوەی گرتبێ و بەسەر زەوی هەزار ساڵەی باران نەدیوی جەستەی منا دابکاتە باران. کەچی بەو

پەری وورياييەوە نەخشەی پيلانێکی گڵاوی دادەڕشت.کەچی بێدار وەک جاشەکانی ئەنفال کۆرپەی بەر مەمکانی لە باوەشی دايک هەڵدەگرت. بێدار وەکو ڕاوچييەکی بێ بەزەيی کۆتری کڕکەوتووی هێلانەی هەڵفراند و بەبەرچاوييەوە هێلکەکانی دەبرد.
تۆ تەماشاکە ڕێکەوتێک يان کارەساتێک چۆن ڕێگای بيرکردنەوەی مرۆڤ بەرامبەر ژيان دەگۆڕێ , منيش بەو خەنجەرەی بێدار لە پشتيدام تێروانينم بۆ هاوڕێيەتی زۆر گۆڕاوە. ئێستا ژمارەی هاوڕێکانم لە ژمارەی پەنجەی دەستێکم تێپەر ناکەن, چونکە بێدار وای تەمبێ کردم هەتا هەتايە لەبيری نەکەم. بۆ يەکەم جار دوای مردنی دايکم بێدار گرياندمی, بێدار خوێيەکی زبری کردە توێی
برينمەوە , بێدار هاوڕێيەتی و ئەمەک و خۆشەويستی و هەموو مانا بەرزەکانی ژيانی لەبەر چاوم وەکو منالێ سەربڕی.
ئێستاش باوکی کچێکی جوانکيلەم و شەوان لە باوەشی نازەنينێک (دوای پەرژين وايلێکردم جارێکيتر باوەر بکەم کە جيهان خەڵکی بەوەفای زۆرە) خەودەمباتەوە,کاتێ سەر دەخەمە سەر باليف و جڵەوی خەياڵ بۆ يادگارە ڕابردووەکانم شل دەکەم, کە شريتەی خەياڵ دەگاتە سەر پەرژين و بێدار تەزوويەک سەراپای لەشم دادەگرێ و تاس دەمباتەوە. ئەو برينە کۆنە تازەيە دوانزە برينپێچی ساڵ تيماری دەکەن, هەر هەودەکاتەوە و قەد سارێژ نابێ. هەر ئەو کاتەبوو نهێنی سووتانم وەکو دڕکی گڕتێبەربووی بەر ڕەشەبا بۆ پەرژين لای بێدار درکاند. خۆ ئەگەر ئەم خولياية لای ئەو باس نەکەم, ئەی بۆ کێی باسکەم ؟ گەر خەمێ دڵت بسوێ و کەسێ نەبێ باری گرانی خەمت لە سەر شان سووک بکا, لەوانەيە لە ژێر باريا خۆت پێرانەگيرێ و بتروخێنێ. منيش لەيەکەم هەنگاودا دەردی دڵم لای بێدار هەڵڕشت, هيواداربووم بەپرشە فێنکاوی دوو دڵدانەوە تۆزێ ئۆقرە بگرێ ئەم دڵەبێ ئۆقرەيە.نەمدەزانی وەکو ماری پەپکەخواردوو بۆم لەکەميندايە و چاوەڕێی هەلێکە پێمەوە بدات.
تادەهات پەرژين لە چاوانما گەورەتر دەبوو, تادەهات جيهان بە هەموونەهامەت و ناخۆشيەکانی ئەو سەردەمە لە لام جوان و جوانتر خۆی دەنواند, تا دەهات زياتر ئۆگری ئەم خەمە تاڵ و شيرينە دەبووم .زۆربەی شەوان تا بەرە بەری بەيان خەو نەدەچوە چاوم , تا تيشکە تيژەکانی خۆر ژوورە تاريکەکەی ڕووناک دەکردمەوە زيندە خەونی ڕەنگاوڕەنگم دەبينی.وەکو بێدەنگی پێش کارەسات بێدەنگيەکی سەير دايگرتبووم. دەوروبەرم هەستيان پێم کردبوو بەڵام نەياندەزانی بەگڕی پيرۆزی عەشقێکی پاک دەسووتێم.بە خۆشم نەمدەزانی چۆن وا هەڵوەدايی دوای پەرژين بووم, شێخی چ تەريقەتێک پەلی گرتم و فڕێيدامە حوجرەی ئەوينی پەرژينەوە.شەش حەوت مانگە بەيەکەوە لە يەک پۆلداين قەت ڕۆژێ بەدڵما نەهاتبوو پەرژينم خۆشبوێ, هەر خۆی ڕۆژی خۆپێشاندانەکە وايلێکردم ئاوری لێبدەمەوە و سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشام. هەر ئەو ڕۆژە بوو پێی ووتم من کتێب ناخوێنمەوە, بەڵام لەبەر خاتری

تۆ دەست بە خوێندنەوە دەکەم .ئێستا بۆم دەرکەوتوە کە پەرژین قینێکی ڕەشی کۆنی بەرامبەر کوڕان لە دەروونندا دەکولا ومن بوومە قوربانی و ئەو قینە ئەستوورەی بە من ڕشت .

دوای ماوەیەک خۆ حواردن و دڵە ڕاوکێ و بە هاندانی بێدار و یەک دوو هاورێی نزیک بڕیارمدا هاوارو نزای دڵم بەرمە لای پەرژین بەڵکو بەزەیی پێدابێتەوە و دەستێ بخاتە سەری و بۆ هەتا هەتایە شادی بکات , نەمدەزانی زوو بڕیاری خۆی لەگەڵ کاکم داوەو لەسەر ئاگر چاوەرێی منە بمکاتە دەرمانی کاتی بۆ دەروونە نەخۆشەکەی . من لای خۆمەوە ئەو ئالایەم بەرزکردبۆوە و ئێستاش هەر بەرزم ڕاگرتوە,کە هەر کەسێ تروسکەی خۆشەویستی لە دەروونیا بدرەوشێتەوە ڕق و کینە و تەفرەدان و چەقۆ لەپشتەوە وەشاندن لە فەرهەنگیا جێی نابێتەوە.ئاخر من هەموو کەسم بە خۆشەویستی خۆم دەزانی , من لە دووربینی ئەوینی پەرژینەوە تەماشایی بەژنی مرۆڤەکانم دەکرد.نەمدەزانی کەسی وەکو پەرژین و بێدار هەن وزۆریشن. من هیچم نەبوو بیاندەمێ تەنها خۆشەویستی بێگەرد نەبێ. بێدار بەڕەکەی لە ژێر پێم ڕاکێشا و خۆی لە سەر دانیشت, بێدار خۆشەویستی منی زەوت کرد, بێدار دوای تەواوبوونی پەیمانگا چووە خوازبێنی پەرژین, ماڵ باوکی پەرژین کۆمەڵێ بەردی زلیان لە ڕێگای گەیشتنی بێدار بە پەرژین دانا, دەبێ خانوویەک لە سلێمانی بکڕی و هەر لەوێ بمێنیتەوە, دەبێ ماڵێکی تەواوت هەر لە سەیارەوە تا کەوچکە چای هەبێ.

بێداری شۆفڵ نەک هەر نەیتوانی هەوراز و نشێوەکان تەخت بکات بەڵکو گسکیشی پێ لێنەدرا و لەیەکەم هەنگاودا کشایەوە. بێداری هەنگ بووە زەردەواڵە بە نووکی دڵییەوە دام, بێداری گەواڵە هەوری بەهار بووە تۆفان و زریانێک نەمامی تازە پشکووتوی دڵمی لە ڕەگەوە هەڵکێشا. بێدار وازی لە پەرژین هێنا, دواجار کە بێدارم دیت تووشی ئیفلیج ببوو و بەدارشەق دەرۆی.پەرژینیش وابزانم شووی بە کابرایەکی دانیشتووی هۆڵەندا کرد.

<u>پەرژین و بێدار</u>

بمەوێ و نەمەوێ ئێوە بوونە بەشێک لە ڕابردووی تاڵی من , ئێوە ناوتان لە فەرهەنگی منا بە مەرەکەبی ڕووزەردی تۆمار کراوە.زۆر جار دەفتەری یادگارییەکانم هەڵدەدەمەوە, دەست لەسەر سنگ و شەرمەزار بەرامبەرم ڕاوەستاون. لەبەر ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان خۆشم ویستن, هیچ دوعایی خراپتان لێ ناکەم.

**ئارام ئەحمەد/ ئەڵمانیا**
**19.09.2005**